# توانای ئافرەتان هاوكێشەكانی هاوسەری دەگۆڕێت

**ئەركی سەرشانی پیاو دابینكردنی بژێوی ڕۆژانەو خەرجی ماڵ و منداڵە، ئەركی ئافرەتیش نەوەخستنەوە و ڕاپەڕاندنی كاروباری ناوماڵ و پەروەردەو بەخێوكردنی منداڵە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ بەرجەستەبوونی تواناو كارامەیی ئافرەتان ئەو نەریتانە كاڵتر دەبنەوەو ئەركەكان زیاتر پێكەوە گرێ دەدرێن و هەوڵی دابەشكردنیان دەدرێ.**

### بەدرێژایی مێژوو كۆمەڵگەیەك نادۆزیتەوە تەنیا بە ڕەگەزێك بەڕێوەچوويێت

نووســەرو ڕۆژنامەنووس كامەران وریا قانع، كاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەكرێتەوە كە ژیانی هاوسەری چ پێناسەیەك هەڵدەگرێت و، ئایا تواناكانی ئافرەتان، هاوكێشەكانی ئەو ژیانەهاوبەشە دەگۆڕێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت «بەشێوەیەكی گشتی ژیان بریتییە لە هاوكارییەكی بەردەوامی ئافرەت و پیاو لە هەموو بوارەكان و لە هەموو سەردەمەكان. بە درێژایی مێژوو كۆمەڵگەیەك نادۆزیتەوە تەنها بە لایەنێك لەو دوو ڕەگەزە بەڕێوەچوويێت، بەڵام دەكرێت لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی دی، یەكێكیان زیاتر ماندوو بووبێت، یان ئەركی زیاتر یان دەسەڵاتی زیاتری بووە، بەڵام بە شــێوەیەكی گشــتی لە مێژووی هاوچەرخدا سنوورەكانی ئازادی و دەســەڵاتی پیاو زیاتر بووە، ئەم مێژووەش ئەو راســتییەی ســەلماندووە كە هەر زیادبوونێك لە ئازادی و دەسەڵاتی پیاو لەســەر ئازادی و دەســەڵاتی لایەنی بەرامبەر درووستبووە، بە شێوەیەگی گشــتی ئەتوانین هەموو پرۆسەكە بە تەرزاوویەك بشوبهێنین، كە هەر زیادبوون یان كەمبوون لە لایەك، كاریگەری لەسەر لاكەی دیكەی هەیە».

كامەران جەخت لــەوە دەكاتەوە كە «ئەمڕۆ ئافرەتان بەگشــتی لە داگیركردنێكی لەســەرخۆن و بــۆ جومگەكانی كۆمەڵگە وردە وردە شــوێنەكان و كۆمەڵگە لەگەڵ پیاو دابەش دەكەن»، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە كە ئافرەت لە زۆربەی بوارەكانی ژیان بەشــدارە، هەر لە فەرمانگەكانەوە تاكو بازاڕەكان. ڕایشیوایە ئەم پرۆسەیە «هەرچەندە خاوە، بەڵام بەردەوامە». وەك دوا قسەشی گوتی « لە كۆتاییدا من لەو باوەڕەدام لــە ژیانی ئەمڕۆی خێزانی كوردی، ئەگەر ئافرەت و پیاوەكە هەردووكیان كار بكەن، بەشێوەی گشتی ئافرەت زیاتر ماندوو ئەبێت و دابەشكردنی كار لە ناو ماڵی كوردی هێشتا نەبووە بە نەریت و زیاتر ئافرەت پێی هەڵدەستێت سەرەڕای كاری خۆیی لە دەرەوە.

### لە لادێ ژن كارگەرەو لە شارەكانیش كەیبانۆی ماڵە

نووســەر و چالاكوان سەلاح مەزن، ســەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بــۆ ئــەوە دەكات، كە ئەوە لــە كۆمەڵێكەوە بــۆ كۆمەڵێكی دیكە جیاوازە، ئاستی پێشــكەوتنی ئابووری، كۆمەڵایەتی و تەكنەلۆژی كاریگەرییان لەســەر بەشــداریی پیاو یان ئافرەت وەك سەرچاوەی



دابینکردنـــی داهات و قوتی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی پاشـــکەوتوو، پەرەســـتێن وەکو یـــەك نییە، لە وڵاتانی پێشـــکەوتوو ژن و پیاو بێ جیاوازی تێیدا بەشـــدارن، لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفەریقیاو ئەمریکای لاتین دابونەریتی کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی پاشکەوتوویی نەباداش لـــە بواری ئابـــووری و کەلتووری ئەو چوارچێوەیـــە دیاری دەکەن، تەنانـــەت لە کۆمەڵی کشـــتوکاڵی لەوانەش کـــوردەواری لە رابردوو بگـــرە تا هەنووکەش، ژن کارگـــەرو بەرهەمهێنەری قوتی ژیانە، لە هەندێ شـــاری ئاوەدانیش پیاو ســـەرچاوەی داهاتەو ژن دابینکەری کاروبـــاری ناوماڵە، بـــە بڕوای من نەریتـــی کۆمەڵایەتی و ئایین بەربەستن لەبەردەم بەشـــداریی ژن وەك هێزێکی بەرهەمهێن، هەر لە نێو کۆمەڵگەی کوردســـتانی باشوور، باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئەو دیاردەیە بە شـــێوازی جیاجیـــا دەردەکەوێ، هەروەك لە لادێ ژن کارگەرەو لە شارەکانیش کەیبانۆی ماڵە».

**ئافرەتان لەوڵاتانی پێشکەوتوودا لەدەستەبەرکردنی مافەکانیان پێش پیاوان کەوتوون**

بێگومان لە ئاســـتی جیهاندا مرۆڤایەتی هـــەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە جیاوازییە جێندەرییەکان نەهێڵێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەردەبازەکانی گەیشـــتن بە یەکسانی دانراون و زۆر قۆناغیان بڕیوە. تەنانەت لە زۆر بواریشدا ئافرەتان لە دەستەبەرکردنی مافەکانیان پێش پیاوان کەوتووە.

**بیر و کاری جیاکاری ڕەگەزی کۆمەڵگە ناگەیەنێتە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی**

فەرەیدون بێوار، توێژەری کۆمەڵایەتییەو وەك خۆی باسیکرد لەگەڵ جیاکاری ڕەگەزیدا نییەو پێشـــیوایە بیر و کاری جیاکاری ڕەگەزی کۆمەڵگە ناگەیەنێتە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی. ئەوەی گرنگە هەر دووکیـــان مرۆڤن، هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان ئەوەش لە مرۆڤبوونیان کەم ناکاتەوە. گوتیشـــی «بەپێی پێکهاتەی بایەلۆژی و توانـــا و هێزی جەســـتەیی، هەندێك ئەرکیـــان لێکدی جودایەو لە هەندێکشـــیاندا هاوبەشـــن. ئـــەم لێکجیاییەش لە ئـــەرك و کاردا، بەمانـــای کەمیی ئەویتر و گەورەیی ئەمیتـــر نییە، بەڵکو جۆرێکە لە دابەشـــبوونی کار، کەدواجار هەردووکیـــان تەواوکەری یەکترین. لەســـەردەمی ئێستاشدا فۆرمی دابەشـــبوونی کار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زۆرێك لەوبوارانەی کە پیاو پێشتر بەبێ بوونی ژن کاری تێدا کردووە، ئەمێستا ژنیش هاوشانی پیاو کار دەکات و خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆیەتی، بەتایبەتی لەبواری کارگێڕی و فەرمانبەرێتی لە دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت، لەوەش زیاتر ئێســـتا ژن بازرگان و ســـەرمایەدارە. کەواتە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئاستی رۆشنبیریی تاکەکانی، دیدی نەوەکان بۆ ئەرك و مافی ژن و پیاو دەگۆڕێت و، رەوشی ژنانیش بەرەو باشتر دەچێت و ژنیش ئازادتر دەبێت و هاوبەشی ژیانی پیاو دەبێت نەك بەشداری ژیان.»

**بەشێکی بەرچاو لە ئافرەتان ئەمڕۆ ئەرکی منداڵ و ناوماڵ و دەرەوەی ماڵیشیان لەسەرە**

ڕاگەیاندنـــکار کەتان خادیمی، لایەك لـــە مێژووی کورد دەکاتەوە و دەڵێـــت «لە وڵاتانی کوردان لە کۆنەوە تـــا هەنووکەش ئافرەت نەك بەشێك، بەڵکو کۆڵەکەی ئابووریی خێزان بووە، هەموو کارەدەستکردەکان لەدەســـت و پەنجەی ئافرەت بوون، یان کاری کشـــتوکاڵ و باخداری لەئەســـتۆی ئافرەتدا بووە، کەواتە ئافرەت لەمێژووی کورددا بەشیك بووە لەئابووریی خێزان و نیشتمان. بەڵام بێبەش بووە لەخەرجکردنی و مافـــی خەرجکردنی نەبووەو پیاو بە ئارەزووی خۆی بەکاری هێناوە، ئافرەتی کورد بەدەســـترەنگینی خۆی وەك دروومان، مامانی، رستن و چنین هەمیشـــە بژێوی خێزانی بەدەســـتهێناوە». کەتان هێما بۆ ئەوەش دەکات کەجگە لەو بوارانەو لە قۆناغی دیکەدا، ئافرەتان وەك فەرمانبەر و کارمەندیش هاتنـــە مەیدانەوە، بەڵام نیگەرانیی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «ئافرەتانی فەرمانبەر لە کوردستان وەك وڵاتانی دیکە لەڕووی کاروبارەکانی ژیانەوە ئەرکیان لەسەر سووك ناکرێت».

**کورد فێری ژەمی سووك نییە و ئەوەش ئەرکی ئافرەت قورستر دەکات**

خادیمـــی ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئافرەت هـــەروەك چۆن لە ڕابردوودا لەدەشـــت و دەر و لەسەر کانیدا منداڵەکەی بەکۆڵێەوە بووە، بەهەمان شـــێوە ئەمڕۆش ئەرکی دەرەوەی ماڵ و ناوماڵ و منداڵی لەســـەرە، بۆیە کاری ئافرەت دوو هێندەی پیاو زەحمەتی هەیە، جەختی لەوەش کـــردەوە کە کورد فێری ژەمی ســـووك نییە و ئەوەش ئەرکی ئافرەت قورستر دەکات، «دەبێت کابانی بکات و خواردنە قورسەکانیش دروست بکات».

ئەو خانمـــە ڕاگەیانکارە ئەوەش بە «هەڵەیەکـــی گەورە» هەژمار دەکات کە «هەندێك پیاو دەستیان گرتووە بەسەر داهاتی هاوسەر، یان کیژی خۆیان، بە بیانووەی کە ئەگەر ئەوان ڕێیان پێنەدەن، ئەمانیش ناتوانن لەماڵ دەربچن، بەڵام ئافرەت هەمیشە پارەو دەستکەوتی خۆی لەخزمەتـــی ماڵ ومنداڵیدا بەکارهێناوە، بۆیـــە دەتوانم بڵێم ئافرەتی کورد لەهەموو ڕوویەکەوە هاوکارو پاڵپشتی پیاو بووە، لەشۆڕشەکان، لەپەروەردەی منداڵ، لەبەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری دامودەزگاکان، بەڵام بەداخەوە ئێمەی ئافرەت عەقڵییەتی ئابووری و قازانجکردنمان نییـــە، هەوڵمان نەداوە پرۆژەی گەورەی ئابووریمان هەبێت و بتوانین لە ئایندەدا سوودی لێوەربگرین».

هەر سەبارەت بە پرسی هاوکارییەکانی هاوسەران، رۆژنامەنووس توانا تەهـــا، ئاماژە بەوە دەکات کە «زۆرجار ئافرەت هۆکاری پەیداکردنی بژێوی ژیانی رۆژانە بووە، چ لە ســـەردەمی رابردوو و چ ئێستاش، هیچـــکام لەو دوو ڕەگەزەش ناتوانن بـــێ یەکتری ژیان بنیاد بنێن. گوتیشـــی «ڕەنگە بارودۆخی زۆرکەس وابخوازێـــت کە ئافرەتەکە کارنەکات و ســـەرقاڵ بێ بە پەروەردەکردنی منداڵەکان و کارو باری ماڵەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت کە هیچ رۆڵی نەبوبێت لە هاندان و پاڵپشـــتی کردنی هاوســـەرەکەی بۆ ئەنجامدانی کارێك، چونکە ئەگەر ئافرەت لە پشـــت پیاو نەبێت، رەنگـــە نەتوانێت بۆ ئامانجێك هەوڵ بدات و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان تێبکۆشێت». توانا جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەگەرچی ئافرەتان وەك پێکهاتەی سایکۆلۆژی ســـۆزدارتر و رۆمانسیترن لەچاو پیاوان، بەڵام زیادەڕۆیی دەکرێت کە بڵێیـــن ژن هیچ رۆڵ و کاریگەرییەکـــی نییە لە پەیداکردنی بژێوی ژیان».

ئابووریناس یاسین دێرەشەیی، ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێك ئافرەت فەرمانبـــەرن و خاوەن مووچەن و ڕاســـتەوخۆ داهاتێك بۆ ئابووریی خێزان بەدەست دەهێنن، ئافرەتانی دیکەش ناڕاستەوخۆ هاریکاری پیاو دەکەن و داهاتی خێزان زیاددەکەن، لە بەخێوکردنی منداڵ و کاوباری ناوماڵ، چونکە ئەگەر پیاو منداڵەکەی بباتە دایەنگە پێویستی بەوە هەیە مانگانەیەکی بۆ تەرخان بکات، یان ئەگەر ئافرەتێك بگرێت بۆ ماڵ خاوێن کردنەوە و چێشت لێنان ئەوەشی بڕێکی دیکەی ئابووریی خێزان لە دەســـت دەدات، بۆیە ئەگـــەر ئافرەت مووچەخۆریش نەبێت ئەوا لەگەڵ پیاو هاوسەرکەی لە ئابووریی خێزان بەشدارە، تەنانەت لە کلتووری کوردەواریش هەمیشە گوتراوە کە ئافرەت بنیادنەری ماڵە.



کەتان خادیمی:

**لەوڵاتی کوردان لە کۆنەوە تا هەنووکە ئافرەت نەک بەشێک، بەڵکو کۆڵەکەی ئابووریی خێزان بووە**



فەرەیدون بێوار:

**بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و ئاستی رۆشنبیریی تاکەکانی، دیدی نەوەکان بۆ ئەرک و مافی ژن و پیاو دەگۆڕێت**




یاسین دێرەشەیی:

**ئەگەر ئافرەت مووچەخۆریش نەبێت لەگەڵ هاوسەرکەی لە ئابووریی خێزان بەشدارە**

# نەبوونی لیژنەی ئاشتەوایی کاری

**بەوپێیەی توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرێنی دژ بە پرەنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانییەکان و مافەکانی مرۆڤە، لەئاستی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە دادگا دادوەرێک تایبەتمەندکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی، بەڵام لەماددەی (٥)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی**



دادوەر پەژارە عەبدوڵڵا:

**بەپێی یاساکە نابێت هیچ پەڕاوێک بۆ دادگاکانی کەتن و تاوان بنێردرێ تاوەکو بە لیژنەی ئاشتەواییدا تێپەڕ نەبێت**

### لە هەموو وڵاتانی دونیادا دادگای خێزان هەیە

دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی شاری هەولێر پەژارە عەبدوڵڵا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو هۆبەیە تەنیا تایبەت بە کێشەکانی هاوسەران نییە، بەڵکو هەموو کێشەکانی ناوخێزان لە هەموو هەولێر و دەوروبەری بە قەزا و ناحیە و گوندەکانەوە دەگرێتەوە، سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئەو دادگایەش لەوانی دی ئەو دادوەرە گوتی: «جیاکردنەوەی دادگای خێزان کارێکی تەندروستە و لە هەموو وڵاتانی دونیاشدا دادگای خێزان هەیە، بوونی دادگایەکی تایبەتی لەو جۆرەش کارەکان ئاسانتر دەکات».

ئەو دادوەرە ئەوەشی خستەڕوو کە رۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکەن، «جاری وا هەبووە باوك یان دایك هاتووە سکاڵای لەسەر کوڕەکەی تۆمارکردووە، برا سکاڵای لەسەر برا تۆمارکردووە، بەڵام زۆرترین کێشەش کێشەی نێوان ژن و مێردە، لەوانە ئازاردان و خەرجی نەکێشانی ژن، کێشە لەسەر ماڵی جیا»، مەشروب خواردنەوەی پیاویشی بە «کێشەیەکی گەورە» ناو بردو گوتی: «زۆر ئافرەت سکاڵایان لەوە هەیە کە هاوسەرەکانیان شەو بە سەرخۆشی دێنەوە و ئازاریان دەدەن، یان باسی ئەوە دەکەن کە باری ئابوورییان باش نییە، بەڵام مێردەکانیان پارە لە مەشروب سەرف دەکات».

### لەیاسای توندوتیژیدا ئاماژە بە خیانەت و ژنی دووەم نەکراوە

ئەو دادوەرە جەختی لەوەش کردەوە کە «لەیاسای توندوتیژیدا هەندێ کەموکورتی هەیە، لەوانە ئاماژە بە خیانەت و ژنی دووەم نەکراوە، گوتیشی «بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لەوجۆرە بۆ یاساکانی سزادان و باری کەسی دەگەڕێینەوە، خۆشبەختانە زۆربەی زۆری کێشەکانی نێوان هاوسەران بە یەکگرتنەوە کۆتایی پێدێت».

دادوەر پەژارە عەبدوڵڵا هێمای بۆ ئەوە کرد کە هەماهەنگییان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەیە، ئەوەشی خستەڕوو کە بڕیارە لە هەولێر دوو نووسینگەی گەورە دابمەزرێنن لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای شار تاوەکو چیدیکە بەهۆی بنکەکانی نەهێشتنی توندوتیژی کێشەی نێوان هاوسەران جیابوونەوەی لێنەکەوێتەوە.

وەك ئەو دادوەرە باسیکرد، لە یاسای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی هاتووە هیچ پەڕاوێك بۆ دادگاکانی کەتن و تاوان نەنێرێت تاوەکو بە لیژنەی ئاشتەواییدا تێپەڕ نەبێت، گوتیشی «زۆر کەیسم لەبەر دەستە، رامگرتوون، چونکە تاوەکو ئێستا ئەو لیژنەیە دانەمەزراوە، دواجار لە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی خانمان و بەڕێوەبەرایەتیی توندوتیژی باس لە پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە کرا و چاوەڕێ دەکرێ لەم نزیکانە ئەو لیژنەیە دابمەزرێ».

### دەبێت کەسانی شارەزا بۆ ئەو لیژنەیە دەستنیشان بکرێن

لەلای خۆیەوە رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ئاماژەی بەوە دا کە بەمەبەستی دامەزراندنی ئەو لیژنەیە چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام داوە، دواجار هاتنەسەر ئەوەی کە کەسانی شارەزا بۆ ئەو لیژنەیە دەستنیشان بکرێ، ئەنجومەنی دادوەریش نووسراوی بۆ وەزارەتەکانی کار و ناوخۆ و تەندروستی و ئەنجومەنی باڵای خانمان ناردووە بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرن، گوتیشی «ئێمە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە بۆ دابینکردنی شوێنی لیژنەکە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆمان، چونکە بەهۆی نەبوونی ئەو لیژنەیە کارەکانمان پەکیان کەوتووەو کێشەیەکی زۆر لە بنکەکان بەبێ چارەسەرکردن ماونەتەوە.

### ساڵێك بەسەر دەرکردنی یاساکەدا تێپەڕدەبێ و هێشتا جێبەجێنەکراوە

رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی رێبین فەتاح، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە یاسای توندوتیژی خێزانی کە ساڵی ٢٠١١ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بە هەموو ئەو رەخنە و تێبینییانەی لەسەری هەیە، دەکرێت، بە هەنگاوێکی باش بۆ سنووردارکردنی توندوتیژی خێزانی تەماشا بکرێت. گوتیشی «ئەو یاسایە وەك زۆر یاسای دیکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی کۆی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانەوە پەراوێز و فەرامۆش کراوە، ساڵێك بەسەر دەرکردنی یاساکەدا تێپەڕ دەبێت و هێشتا جێبەجێنەکراوە، هەرچەند بە گوێرەی زانیارییەکانی من، ئێستا دادگای تایبەتمەند و لیژنەی ئاشتەوایی دروست کراوە، بەڵام دەستبەکارنەبوون. ئەوەی پەیوەندیی بە دادگای تایبەتمەند بە کێشەکانی توندوتیژی خێزانییەوە هەبێت، پێویستە شوێنێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بە جۆرێك کە بتوانرێت مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ کەیسەکاندا بکرێت و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ورد دەستەبەر بکات. چونکە پێشتر کە دادوەرێك بۆ ئەو مەبەستە دیاریکرا، تێبینی کرا دادوەرەکە لەیەکاتدا چەند کەیسێك بەیەکەوە دەبینێت و نهێنی



کەیسەکانیبش پارێزراو، وەك ئەوەی لە یاساکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەمەش بەدڵنیایەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوتی دادگا دەبێت».


ڕێبین فەتاح ئاماژە بۆ ئەوە دەش دەکات کە پێشتر لە دادگاکانی کوردستان بۆ کێشەکانی کۆمەڵایەتی، توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکان دانراون، بەڵام توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان چەند ڕۆڵیان پێدراوە و چەند بە ئەرکی خۆیان هەستاون، ئەوە دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، گوتیشی «لەماوەی ڕابردوودا چەند کەیسێکی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی کە ئاگاداریان بووم لە دادگادا، توێژەرانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکیان تێدا نەبوو. بۆیە لیژنەی ئاشتەوایی دەکرێت، شوێنگرەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بێت. دیارە لە یاساکەدا هاتووە کە ئەو لیژنەیە دەبێت لە کەسانی شارەزا و پسپۆر پێکبێت، بەڵام ڕوون نەکراوەتەوە کە ئەو کەسانە لە چیدا پسپۆڕ و شارەزان، واتە مادده قانوونییەکە بۆ خۆی ڕوون نییە. هەرچەند ئەوەندەی ئاگاداربم نییەتێك هەیە بۆ ئەوەی لیژنەکە لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی، شارەزایانی دەروونی و یاسانان پێکبێت، بەڵام لە ڕاستیدا، نازانرێت ئەو لیژنەیە چۆن کاردەکات؟ ئایا ئەو توێژەر و یاساناسەی لەو لیژنانەدا دەبن بە ئەندام بە کام پێوەر بڕیار دەدەن؟ چۆن هەڵسەنگاندن لە کەیسەکاندا دەکەن؟ لەوانەیە ئەو حاڵەتە پەیوەندیدار بکرێتەوە، بە بیرکردنەوەی تایبەت و ئایدیۆلۆژیای ئەندامەکانی لیژنەکە، لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ترسی گەورە هەیە لیژنەی ئاشتەوایی ببێتەوە بەو دیوەخانانەی سولحی عەشایەریان لێدەکرێت، پێموایە ئەوە ترسناکترین خاڵی پەیوەندیدار بە لیژنەکەیە، واتە لیژنەی ئاشتەوایی بەهەمان شێوەی دیوەخانەکانی سوڵحی عەشایەری دەستێوەردانێکی ناتەندروست لە کەیسەکاندا بکات و بەبێ چارەسەرکردنی ریشەیی کەیسەکان بەلایەکدا بخات، واتا دەکرێت ئەندامانی لیژنەکە، فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر لایەنێکی کەیسەکە دروست بکەن و بە جۆرێك لە جۆرەکان تەنازولی پێبکەن، بەڵام ئەو حاڵەتی تەنازول بۆ کردنە، بە هیچ شێوەیەك چارەسەر نییە، بەڵکو چارەسەر ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و هۆشیاری لایەنەکانی کەیسەکەدا دروست ببێت».

### بۆ پێکنەهێنانی لیژنەکە هیچ پاساوێك نییە

مافپەروەر و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی شوان سابیر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «جێگەی داخە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە یاسای توندوتیژی خێزانی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك هۆکاری پاراستنی خێزانی تێدایە، کە ڕەنگە خەڵکانێك بە هەڵە لە خودی یاساکە و ناوەڕۆکی یاساکە گەیشتبن، بەڵام ئێمە وەکو کۆمەڵگەی مەدەنی بەرگری لێدەکەین، بەڵام دەکرا ئەنجومەنی دادوەری دادگایەکی تایبەتمەند بەو یاسایەی دابمەزراندبایە، بەڵام ئەوان قەناعەتیان بەوە بووە کە دادوەرێکی بۆ دابین بکرێت، باشترە لەوەی دادگایەکی تایبەتمەند هەبێت»، گوتیشی «داخێکی گەورەیە کە لە یەکێك لە مادەکان باس لە پێکهێنانی لیژنەیەکی ئاشتەوایی دەکات، کە تیایدا هاتووە ناکرێ هیچ کێشەیەك بەبێ تێپەڕبوون بەم لیژنەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پێموایە بۆ پێکنەهێنانی ئەو لیژنەیە هیچ پاساوێك نییە، جگە لەوەی پێوەری دانەناوە بۆ ئەوانەی لە لیژنەکەدا بەشدار دەبن، ئێستاش ئەرکی پەرلەمانە بەم ئەرکە هەڵبستێت و لایەنە کەمتەرخەمەکان ئاگاداربکەنەوە، چونکە پەرلەمان چاودێرە لەسەر جێبەجێکردنی یاساکان.

### پێناسەی شارەزا و پسپۆڕ لە پێوەری لیژنەکە نادیارە

ڕۆژنامەنووس جوان جەمیل، پێکنەهێنانی لیژنەیەکی ئاشتەوایی بۆ لایەنەکانی سکاڵا، بە «ڕێگرێکی سەرەکی لەبەردەم ئیحالەکردنی دۆسیەکان بۆدادگای تایبەت»، هەژمار دەکات. هەروەها دەڵێت «گومانی تێدا نییە ئەوە هۆکارە بۆ ئاڵۆزکردنی دۆسیەکە، یاخود پەشیمان بوونەوەی خاوەن سکاڵا، یان کێشەکە بەهەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە». گوتیشی «لەیاساکە باس لەوە دەکات کە لێژنەکە لەشارەزایان و پسپۆڕان پێکهاتبێت، من تێبینیم هەیە لەسەر ئەو قسەیە، لێرەدا شارەزایان و پسپۆڕان دوو وشەی کراوەو گشتییە، ئەو شارەزایانە کێن، کێ بە شارەزا دادەنرێت، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، مەلایەك، چالاکوانێکی بواری ژنان، یا هەر کەسێك کە بیانەوێت بە پسپۆڕی دابنێن؟ واتا ئایا ئەوە بیانوونوویەك نییە کە بیانەوێت کاری لێژنەکە بە ئاقارێکیتر ببەن و لە کارە سەرەکییەکەی خۆی لای بدەن؟». ئەو ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی بۆ لیژنەکەی دەستنیشان دەکرێن پێویستە کەسانی ئەکادیمی و زانستی بن، نەك کەسانێك بن کە لەژێر فشاردا بڕیار بە بەرژەوەندیی لایەك لەلایەنەکانی کێشەکە بدەن.



جوان جەمیل:

**پێویستە کەسانی ئەکادیمی و زانستی ئەندامی لیژنەکە بن، نەک کەسانێک لەژێر فشار و زەخت بڕیار لە بەرژەوەندی لایەکی کێشەکە بدەن**



# دادگای تایبەت بە ئافرەتان پەکدەخات

**باس لەپێکهێنانی لیژنەی ئاشتەوایی دەکات کە نابێ هیچ کێشەیەک بنێرێتە دادگا تاوەکو بەم لیژنەیە تێپەڕ نەبێت، بەڵام ئەو لیژنەیە تائێستا بوونی نییە، بەوتەی پسپۆڕانی ئەو بوارەش دانەمەزراندنی ئەو لیژنەیە لەبەردەم بەڕێوەچوونی کارەکان لەمپەر دروستدەکات.**

# کەرکووک بەرزترین ڕێژەی توندوت

**کەرکـــووک بەرزتریـــن ڕێـــژەی توندوتیژی دژ بـــە ئافرەتـــان تۆماردەکات و ئامارەکانـــی بەڕێوەبەرایەتیـــی پۆلیســـی شـــارەکەش ســـەلمێنەری ئەو ڕاســـتییەن کە دادگا و پۆلیســـی ئەوشـــارە لە بـــواری بەرەنگاربوونەوەی**

بەپێـــی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســـی کەرکووك لە ســـاڵی ڕابردوودا ٥٣٥ حالەتی توندوتیژی تۆمارکراوە، لە هەشـــت مانگی یەکەم ١٩ حاڵەتی مردن هەبووە کە هۆکارەکەی تائێستا نادیارە، ١١ حاڵەتی خۆسووتاندن هەبووە، ٢٨ ئافرەت بە هۆکاری جیاجیا لەلایەن کەسوکاریانەوە بریندارکراون، ســـێ لاشە بە کوژراوی دۆزراونەتەوە، هەشت حاڵەتی خۆکوشتن و دووحاڵەتی خۆخنکاندنیش هەبووە.

**لایەنگری شوێنی یاساکانی گرتۆتەوە**

ڕۆژنامەنووس ژیـــان عەزیز ســـەرۆکی ڕێکخـــراوی ئاشـــتی لە کەرکووك، هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بـــە ئافرەتـــان لـــە کـــەرکـــووك بەمجـــۆرە دەخاتـــەڕوو «ســـەرەکیترین هـــۆکار ئەوەیـــە کە ئەم شـــارە ســـێ نەتەوەی جیـــای لەخۆگرتووە، دووم هۆکار پەیڕەونەکردنی یاسایە لەنـــاو دادگای کەرکووکدا، واتە ئەو کەسانەی لەســـەر ئەو پرسە کاردەکەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کارناکـــەن. ئەم کۆمەڵـــە هۆکارە وایانکـــردووە نادادپەروەرانـــە کار لەسەر پرسی ژن و ڕێگەچارەکانی بکـــەن، ئەوەش کێشـــەکانی ئافرەتان زیاتر دەکات، کێشـــەکان بێ چارەسەر لـــەدادگا دەمێننەوە و کوشـــتن ڕوودەدات.

لەلایەکی دیکەوە نزمیی ئاســـتی ڕۆشنبیریی ئافرەتانی کەرکـــووك هۆکارێکی دیکەیە، لەبەر ئـــەوەی زیاتر پابەندن بـــە مانەوەیـــان لەماڵەوە، جێگەی داخە لـــە کەرکووك ژنانی بـــە تەمەنیش لە باوك و مێـــرد و براکانیان دەترســـن، چونکە داکۆکیکار و پشـــتگیریکەریان نییە، تەنانەت یاساش داکۆکیان لێناکات، وێڕای ئەوەی کە زۆربەی دادوەرەکان بە نەتەوە عەرەبن، لایەنگری شوێنی یاساکانی گرتۆتەوە، گەندەڵیی بەرتیلخۆری بە ئاشکرا بوونی هەیە».

**حزبەکانیش لە کێشەی هاوسەران پشتیوانی پیاوانن**

ژیان عەزیز ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە چەند ڕۆژ پێش ئێســـتا ئافرەتێکی دراوســـێیان کە دایکی چـــوار منداڵە کوژرا، بێئەوەی



# ـــــیژی دژ بە ئافرەتان تۆماردەکات

**توندوتیـــژی دژی ئافرەتان ئەکتیڤ و جددی نیـــن. چالاکانی مافی مرۆڤیش ناســـەقامگیری بـــاری ئەمنـــی و کارکردن بە یاســـای عێراقـــی و نەبوونیماڵێکـــی تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتانی خاوەن کێشـــە بـــە هۆکار دەزانن.**

هۆکارەکەی دیار بێت، گوتیشـــی «دەسەڵاتی کوردیش لەم شارەدا نەیاتوانیوە کار لەســـەر کەمکردنەوەی ئـــەو دیاردەیە بکەن، هەردوو حزبی سەرەکی هەرکەس بۆ لایەنگرانی خۆی هەوڵدەدات، بۆ نموونە دوو هاوسەری سەر بە یەك حزبیش گەر کێشەیان هەبێت، حزبەکەیان پشـــتی پیاوەکە دەگرێ، ئەوە بە ڕێژەی ٩٠٪ لە هەموو حزبەکاندا بوونی هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشـــدا ئەو ڕێکخراوانەی بۆ پرسی ئافـــرەت کاردەکەن، لایەنێکی وروژێنەرن نەك لایەنێکی چارەســـاز، باســـی ماف بۆ ئافرەتـــان دەکەن بەڵام داکۆکیان لـــێ ناکەن، بۆیە ئەو ئافرەتە کەداوای مافی خۆی دەکات یان ســـەرکوت دەکرێ یان ڕووبەڕووی کوشـــتن دەبێتەوە، یانیش بەهـــۆی ئیهانەکردنی لەلایەن کەسوکارەکەیەوە پەنا بۆ خۆسووتاندن و خۆکوشتن دەبات.

### زۆربەی تاوانەکان بە شاراوەیی دەمێننەوە

جوان حەسەن سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری ئافرەتان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کەرکووك بەمجۆرە دەخاتەڕوو: ســـاڵی رابـــردوو ٥٣٥ تاوان دژ بە ئافرەتانی کەرکـــوك ئەنجامدراوە تەنیا لە مانگی یەکی ئەمســـاڵدا ٤٠ تاوان دەرهەق بـــە ئافرەتان کراوە، گوتیشی «نابێ ئەوەشـــمان لەبیربچێت کە ئافرەتان زۆرکەم سکاڵا تۆماردەکەن و زۆربەی تاوانەکان بە شـــاراوەیی دەمێنێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو تاوانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەتان بەهۆی نائەکتیڤی پۆلیس و دادگا باوەڕیان بە سکاڵا تۆمارکردن نییە، ئەوە لەلایـــەك، لەلایەکی دیکەوە تاوەکو ئێســـتا پەناگەیەکی تایبەت بە ئافرەتانی خاوەن کێشە لەم شارەدا بوونی نییە».

### وەزارەتی کاروباری ژنانی عێراق: یاسامان نییە، پەلە مەکەن

جـــوان حەســـەن ڕوونی کردەوە کە لەســـەرەتای ســـاڵی ٢٠١٢ ئەو داواکاریەیـــان خســـتووەتە بەرنامەی ئەنجومەنـــەوە و دوای دەنگ لەســـەردانی، نووســـراویان بۆ وەزارەتی کاروبـــاری ژنانی عێراق و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەڵام وەزارەتی کاروباری ژنان گوتوویەتی: تائێســـتا یاسامان نییە، بۆیە پەلە لە کردنی ئەو کارە مەکەن، ســـەرەڕای ئەوەی کە لێرە کار بە یاسای عێراقی دەکرێت، راستە زۆربەی ئەو یاسایانە لە هەرێمی کوردستان هەمووارکراونەتەوە، بەڵام لێرە هەمان یاسای پێشوو بەرکارە، لێـــرە تەنیا بەڕێوەبەرایەتییەك هەیە کە کار بۆ کەیســـی توندوتیژی خێزانی دەکات و ســـەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقە، بەڵام بەداخەوە بەڕیوەبەرایەتییەکە فعلی نییـــە، لەناو بنکەیەکی پۆلیس تەنیا دوو ژووری بـــۆ تەرخانکراوە، ئـــەوەش بۆ خودی ئافرەت ئاســـان نییە لەمجۆرە جێگەیانە ســـکاڵا تۆماربکات، جگە لەوەی لە یاســـاکەدا هاتووە کە نیوەی کادیرانی ئـــەو بەڕێوەبەرایەتییە دەبێ ئافرەت بن، بـــەڵام تەنیا یەك ئافرەت لەم بەڕێوەبەرایەتییە بوونی هەیە، هەروەها تێیدا هاتووە کـــە ٤٠ تا ٥٠ فەرمانبەری هەبێـــت، بەڵام ژمارەی فەرمانبەرانی زۆر لەوە کەمترە، وێڕای ئەوەی پۆلیسەکان زانیارییان لەســـەر ئەو بابەتە نییە و زۆرکەم شـــارەزاییان لە چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی خێزانی هەیە و تەنانەت زۆربەشـــیان بڕوایان بە مافی ئافرەت وەك مرۆڤ نییە».

### ژینگەی توندوتیژ تاکی توندوتیژ بەرهەم دێنێت

نووســـەر و ڕۆژنامەنووس سەمیرە حوسێن جاف، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتـــەوە کە «ژینگەی توندوتیژ تاکـــی توندوتیژ بەرهەم دێنێت، چ نێربـــێ، یاخود مێ. گوتیشـــی «هۆکارگەلێك هەن بۆ ئەوەی کەرکووك وەکو شـــارێك ئاماژەی پێبکـــرێ، بۆ ڕوودانی بەردەوامی توندوتیژی بەتایبەت دژ بـــە ئافرەتان، ئەمەش بەهۆی ئەو ژینگە نالەبـــار و دژوارەی کارگێڕی و سیاســـی و بوونی کێشمەکێشـــی بەردەوام لەسەری، هەروەها نەبوونی ئاسایش و هەستنەکردنی تاکەکان بـــە ئەرك و مافەکان و بێکارییەکـــی لەڕادەبەدەر وەك ئاماژەیەك بۆ لاوازی باری ئابووری وکاردانەوەی لەسەر هزر و باری بژێوی تاك و جیاوازی نەتەوە و ئایین و کۆمەڵێ کێشەی کۆمەڵایەتی و تێکڕای ئەم هۆکارانە دەبنە هەوێنی توندوتیژی، سرۆشتیشـــە بەشی شێری توندوتیژی بەگشـــتی بەردەوام لە کۆمەڵگەکان بەر چینی ناسك و بێ دەســـەڵات دەکەوێت، کە لە ئافرەتان و منداڵان و بەســـاڵاچووان بەرجەستەیە».

### ئابووری بەهێز هێزی بەرەنگاربوونەوەی تەنگژەکان دەخولقێنێ

ســـەمیرە جاف ئەوەشی خستەڕوو کە لە ســـەرەتای مانگی دوو لە ڕۆژێکدا تەرمی ســـێ ئافرەت لەکەرکووك دۆزرانەوە، ئەوەشـــی بە ئاماژەیەکی ترسناك بۆ سەر ژیانی ئافرەتان لەو شارە هەژمار کرد. هاوکات نەبوونی شـــلتەرێك بۆ ئافرەتانی بـــە هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی توندوتیژییەکان ناو برد. گوتیشی «بەم هەموو ڕێکخراوەی ئافرەتان و ژنان و خوشـــکان و لیژنـــەی ئافرەتانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و ئەو ســـەدان ڕێکخراوە NGOیە نەیانتوانیوە تاوەکو ئەمـــڕۆ لایەنی بەرپرس بێننە وەڵامـــەوە کە پەناگەیەك بۆ ئافرەتانی هەڕەشـــەلێکراو بکەنەوە لەم شـــارە بۆ ئەوەی هەندێك لەم مەترســـییانەی ســـەر ژیانی ژنان کەم بێتەوە». ئەو ڕۆژنامەنووسە گوتیشـــی: ئەرکی دەسەڵاتە گیانی هاوولاتیان بپارێزێ و سامانی مرۆیی لەقڕان رزگار بکات، هەروەها بۆ ئەوەی سوود لەرەگەزی مێ ببینێ بۆ بەگەڕخســـتنیان لەبواری کار وەك هێزێکی بەرهەمهێنەر کە ئەمە واتە کار دەکرێ ببێتە کەناڵێکی دی بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی، ئاشکراشـــە ئابووریی بەهێز پشـــتە بۆ تاك و هێزی بەرەنگاربوونەوەی تەنگژەکان لای تاك دەخولقێنێ.



سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتی لە کەرکووک:

**ئەو ڕێکخراوانەی بۆ پرسی ئافرەت کاردەکەن، لایەنێکی وروژێنەرن، نەک لایەنێکی چارەساز**



ڕۆژنامەنووسێک:

**بە هەموو ڕێکخراوە حکوومی و حزبی و مەدەنییەکان نەیانتوانیوە پەناگەیەک بۆ ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە کەرکووک بکەنەوە**